Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.
kurdistannet.org
Date: 2004.02.03 00:50:55 +01'00'

# کورد نابەزێوشەهیدان زیندوون

ئەحمەد دەشتی




خەم دەمگرێ وبەلام ڕقم
گەلێ لە خەم ئەستور ترە
جەستەم تەژی لە ژان دەبێ
بەڵام هەستم
گەلێ لە ژان بەرزترە
سـیمای مەرگ ڕووم تێ دەکا
بەڵام ورەم
لە مردنا گەلێ بەهێز ترە
ئاسـۆی ڕوونم تاریک دەکەن
بەلام هیوام لە تارمایی
لە ڕۆژم دا ڕوناک ترە
ڕابوردووەکان هاتن و ڕۆیین
نەهامەتی و کارەساتم
گەلێ بۆ هات
بەلام سبەو داهاتووی من
لە گشت نەحس وکارەساتان
گەلێ بڵندو وا گەشترە
ئەنفالەکان دڵیان کوشیم
بۆمبای خەردەڵ
پشووی ژینیان لێ خنکاندم
هەزار هەزار شەهیدان و
هەشت هەزاری بارزانیانم
هاتن و بوونە دیرۆکی خەم
بەڵام هەست و
بیری بەرزی کوردایەتیم
لە گشت ڕەنج و کارەسات و
خەمی قوربان مەزن ترە
قەت نابەزم هەر دەمێنم
نە وێرانی و نە هێرشی تیرۆریستان
وەکوو ئەمرۆ و دوێنێ کەوا هاتن

جەژنە و شادیان  لێ کردمەشین
مەر گیان هێنا و
هەولێریان لێ کردده خین
وەکو دوێنێ کەوا هاتن
کانی ئاوو هەوای پاکیان لێ خنکاندم
داریان بڕی و خاپوریان کرد
چیایان ڕماند و گوندیان
بە خاک یەکسان کردم
خاکیان سەند و داگیریان کرد
بە خەردەل وگازی سیانید
هەلەبجەیان شەهید کردم
هەوای پاکی کوردستانیان
ژەهراوی کرد
نەمردم و ئەمرۆش هەرمام
قەتیش نامرم و هەر دەمینێم
ئەمڕۆش هاتن نامەردەکان
ترۆریست و مرۆ کوژان
وا بەم جەژنە خوێنیان ڕشتم
دەستیان نایە جنایەت و
شەهیدانیان زیتر کردم
زۆر هەڤال و دۆست و برای
وەک شەوکەتی شیخ یەزدین و
کاکە سامی و ڕۆلەکانیان شەهید کردم
خوێنی مەنتک و کاکە سەعدی و
کاکە مەهدی و ڕۆلەکانیان  دیسان ڕشتم
خوێنی ئەحمەد رۆژبەیانی و
کاکە ئیجراو مەحمود هالو و ئەیوبەکەی
زۆر غەریبیان شەهید کردم
خوێنی خەسرە و شاخەوان و
بەحرکەیی و بەهرۆزیان وا لێ ڕشتم
دەهەستەوە دایکی وەتەن

**وا بەم جەژنە بەم بەیانە**
**شەهیدانی کوردستانم**
**هاتن بۆ لات**
**کڕنووش دەبەن بۆ گەورەییت**
**بەم قوربانە وا قوربانن لە ڕێگەی تۆ**
**دتۆش هەستە پێیان بڵێ**
**ورەی بەرزی کوردایەتیم**
**هەر بە هێز و بەهێزترو بەهێز ترە**
**ڕقی تۆڵەم زیاد دەبێ و قەت ناڕوخێم**
**دەرۆم بەرەو بەرزی ئاسۆ**
**سەری ڕێزو نەوازشیش**
**بۆ شەهیدان دەنەوێنم**
**تف لە چارەی ترۆریست و**
**داگیرکەرە نامەردەکان**
**تف لە سیخور و گشت نۆکەران**
**بۆ کوێ دەچن**
**خوێنی شەهید مەرگیان دێنێ**
**کوشتن و ترۆر منی کوردە نابەزێنێ**
**بڕۆن بڕۆن چارەو ون کەن**
**کوردستانم جێ بهێلن و**
**نیشتمانی کوردستانم خاکی کوردە**
**جێی بارزانی و شـــــەهیدانی**
**وە کوو قازی و ملیۆن ڕۆلەی**
**شەهیدانی گەلی کوردە**
1.2.2004 **بە یادی کارەساتەکەی جەژنی قوربان** 2004 **ی هەولێر پێشکەشە بە|گاینی پاکی هەممو شەیدەنەمرەکان بەتایبەتی کاکە شەوکەت شیخ یەزدینی نەمرو براو هەڤالی ئازیزم.**